# مین: تەکنەلۆجیای تێکدانی پەیوەندیەکان

سەردار عەزیز

لە نێوان مرۆڤ و خاکدا پەیوندیەکی تایبەت هەیە. پەیوەندی پێکەوە ژیان، تێکەڵاوبوون، خاوەندارێتی، بەرهەمهێنان، و چەندەها پەیوەندی تریش. خاک یان زەوی ئەو جێگایەیە کە مرۆڤی لێوەهاتوەو بۆی دەگەرێتەوە (دیارە ئەوە گرنگ نیە کە تاچەندێک ئەم ووتەزایە ئەفسانەیە). مرۆڤ لە زەویەوە خۆراکی دەستدەکەوێ و لە سەری دەژی. لە سەرهەڵدانی بیری ناشیونالیزمدا خاک یان زەوی چەند رەهەندێکی تری وەرگرت، کە رەنگە لە دەرەوەی مەبەستی ئەم نوسینەبێت. مین وەک ئامرازێکی تەکنەلۆجی دێت مرۆڤ دائەبرێ لە خاک. ئەم دابرانە، پچرانی یەکێک لە هەرە کۆنترین شێوازەکانی پەیوەندیە، کە دەگەرێتەوە بۆ قۆناغە هەرەسەرەتاییەکانی کۆمەڵگایی مرۆڤایەتی. ئەم پەیوەندیەی مرۆڤ وخاک لە قۆناغی دۆزینەوەی کشتوکاڵدا شێوازی جیاوازی وەرگرت؛ وەک نزیکی، کارکردن، بەریەککەوتن، ئالودەبوون، بونیادنانی پەیوەندی و گۆرینەوەی هەست، کە دەکرێ لەوەدا ببینرێتەوە کاتێک جوتیارێ بە هیوای بەرهەمی باشترو زۆرترە ئەوا ئەو لە خاکەکەی داوائەکات کە ئەو هیوایەی بۆ دەستەبەرکات.

مین لە ئامادەبونیا ئەم پەیوەندیە مێژووییە تێک ئەدات. لە کاتێکا خاک داڵدەو خۆراک و ژیان دەستەبەر ئەکات، بە ئامادەبوونی مین بە پێچەوانەی هەموو ئەمانەوە مەرگ دەهێنێت. هەرچەندە خاک خۆی بەرهەم هێنەری مین نیە بەڵکو مرۆڤ خۆیەتی کە ئەم ئامرازە لە خاکدا حەشار ئەدات. کەواتە لە چاندنی مینێکدا مرۆڤ تەنها خیانەت لە مرۆڤ ناکات بەڵکو خیانەت لە سروشت و پەیوندیەکانیش ئەکات.
کە سەرزەمینێک لە کێڵگەیەکی کشتوکاڵیەوە دەگۆردرێت بۆ کێڵگەی مین، ئەوا لە جیاتی خۆراک بۆ مرۆڤ ترس و دورەپەرێزی و دابران و نامۆبوون بەرهەم دەهێنێت. لە میانەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خاکدا مێژویەک بەرهەم دێت، کە لە هەناویا ژمارەیەکی زۆر لە حەکایەت و چیرۆک و روداو و یادەوەری ساتەوەختی خۆش و سەخت لە خۆی ئەگرێ. لە گەڵ هاتنی میندا ئەو بەردەوامیە دەپچرێ. لە دەرئەنجامدا گۆرانێک لە توخمە بنەرەتیەکانی ژیاندا دروست دەبێ کە کات و شوێنە. کێڵگەی مین شوێنە، بەڵام شوێنێکە جێگای مرۆڤ و هیچ بونەوەرێکی تری تیانابێتەوە. تەنها لە روانگەی مرۆڤەوە ئێمە ئەتوانین دەربارەی شوێن قسەبکەین، بەڵام کاتێک کە مرۆڤ ئامادەنیە لە شوێنێکدا و ناتوانێ ئامادەبێت، ئایا ئەو شوێنە کاراکتەرەکانی شوێنی لەدەست داوە. چونکە ئەگەر بونەوەرمان لە شوێنێک دابرێ ئەوا ئەو شوێنە ناتوانێ نوێنەرایەتی خۆی بکات بۆیە سەرەرای ئامادەبوونی فیزیکی بەڵام شوێنێکی نەبووە. لێرەوە مین لە هەمانکاتدا کوشتنی شوێنە.
پەیوەندی مین لە گەڵ کاتدا پەیوەندیەکی جودایە بەبەراورد لەگەڵ شوێندا. مین ئەگەر بەتاڵ نەکرێتەوە ئەوا پەیوەندی لەگەڵ کاتدا پەیوەندیەکی تەریبە. بەو مانایە شان بەشانی کات ئامادەیی هەیە، بەبێ پچران. کەواتە تا ساتەوەختی پوچکردنەوەی لەهەموو ساتێکا مەترسیەکی ئامادەیە.

یەکێک لەو میتافۆرانەی کە بۆ زەوی یان خاک بەکاردێ دایکە. مەرگی دایک، کە یەکێک لە رەهەندەکانی نەمانی توانای گەشتنە بەدایک، هەرگیز روداوێکی هاکازایی نیە. دایک یەکێک لە سیفەتە بنەرەتیەکانی ئەوەیە بەخشندەیەکە بەبێ مەبەست، کە دەکرێ لە خاکیشدا هەمان سیفەت بەدیبکرێ. لە رۆمانی نامۆی کامۆدا میرسۆل دایکی ئەمرێ، بەڵام وەک ئەوانی تر لە ریچواڵەکانا، ناشتن و پرسەدا

ئامادەنابێ. بەڵام لە هەمان رۆژدا بەدوای زۆرترین چالاکی دراماتیکیدا ئەگەڕێ، کە ئەکرێ وەها لێکبدرێتەوە کە ئەو نایەوێ روداوی مردنەکەی لەبیربێت، چونکە ناتوانێ بەرگەی بگرێ. کەواتە لە دەستدانی دایک هەتا بۆ کەسێکی نامۆی وەک میرسۆل روداوێکی سادەنیە. بە هەمان شێوە بێبەری بوون لە خاک بۆ هیچ مرۆڤێ کارێکی سادەو ساکار نیە. بۆیە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خاک ئەتوانرێ ناوبنرێ پەیوەندی خۆشەویستی. هەبوونی زاراوەیەکی وەک ئیکۆزۆیک لە زمانی گریکدا کە بە مانای خۆشەویستی ماڵ یان شوێن دێت، گەواهی هەبوونی هەستێکی وایە.

مین نۆستالیژیا ئەخولقێنێ. چونکە کێڵگەی مین هەموو چالاکیەکی ژیان تیایدا لە رابووردودا بووە. هەروەها سەرزەمینێک لە ئامادەبونێکی چالاکەوە ئەگۆڕێ بۆ ئامادەبونێکی سست. سپینۆزا ئەڵێت؛ تەور کاتێک تەورە کە بەکاربێت وەکو تەور. بەمانایەکی تر بونی شتێک هەتا کەسێکیش لە میانەی چالاک بونیایەتی. مین زەوی لە بونێکی چالاک و سودبەخش ئەخات. لەبری ئەوە ئەیکاتە پانتاییەکی پڕ لە ترس. هەر لێرەوە مین دەبێتە ئەو هەرەشەیەی کە ماڵ لە یەکێک لە مانا بنەرەتیەکانی دوور ئەخاتەوە، ئەویش ئاسایشە. لەو جێگایانەی کە مین هەیە خەڵک هەردەم دەبێ لەبیریان بێت کە مەرو ماڵات و منالًیان بەو گوزەرەدا تێنەپەرێ. زیندووی و ئامادەیی ئەم مەترسیە بارێکی دەرونی دەخولقێنێ کە هەردەم دەبێ کەسەکان بەشێک لە ئاگاییان بۆ تەرخان بکەن، کە لە ماوەی درێژخایەندا کوشتنی بەشێکە لە توانای بیرکردنەوە و ئاگایی کەسەکان.

مین و یادەوەری پەیوەندیەکی پتەویان هەیە. ئەم پەیوەندیە چەند رەهەندێکی هەیە. رەهەندی یەکەم، مین یان پاشماوەی شەرە یان بازگەو رەبایەکانی بەعس، رەهەندی دووەم یادەوەری ئەو روداوانەی کە بە هۆی مینەوە رویانداوە، چ بوبنە هۆی مەرگ یان کەم ئەندامکردنی کەسێک؛ لە هەردوو بارەکەدا روداوێکی نەگێتیف لە کۆمەڵگادا بەرهەم دەهێنن، روداوێک کە سرینەوەی شوێنەوارەکانی ئاسان نابێت. رەهەندی سێهەم، مین وەکو سیگنیفایەر (مەدلول)، مین خۆی دالێک بۆ مەدلولێک کە دەسەڵاتە، ئەگەرچی مین خۆی ئامرازێکی چەپێنەری ئەو دەسەڵاتەیە، بەڵام لە کاتی نەمانی بەعسدا مین دەبێتە درێژەکەرەوەی یادەوەری بەعس.

یەکێک لەو سیفەتانەی کە مینی پێناسراوە ئەوەیە کە بەپێی یاسای؛ شەلم کوێرم هیچ نابوێرم، کاردەکات،(ئەم سیفەتەی مین ئارگویمێتی سەرەکی ئەو رێکخراوانەبوو کە بۆ قەدەغەکردنی مین لە دونیادا تێئەکۆشن). ئەم سیفەتە دەلالەتە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسەی مینەکەی چاندوە دوژمنێک بووە کە ئەوە بەلایەوە گرنگ بووە کە مەرگ بەبێ چاوپۆشیکردن درێژەی هەبێ. کە لە هەمانکاتدا هیچ رێزێکی بۆ مرۆڤ و بونەوەران دانەنراوە.
جۆرێکی تر لە پەیوەندی کە مین وەک ئامێرێکی تەکنەلۆژی دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندی نێوان ژن و پیاوە. چونکە زۆربەی مین لە وڵاتە هەژارەکاندان، ئافرەت تیایدا هێشتا ستاتۆیەکی مرۆڤانەی نیە، (هەرچەندە لە رۆژئاواش لە رۆژگاری ئەمرۆشدا ئافرەت دەبێ لە گشت روویەکەوە نموونەی کەماڵ بێت، کە لە خۆیا سوکایەکی کردنە بە سروشتی مرۆڤ.) بۆیە کاتێک کە مین ئافرەتێک بریندار ئەکات ئەوا هەر لە رووی جەستەییەوە نە بەڵکو لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە گۆرانی رادیکالانەی نەگێتفی بە سەرە دەهێنێ.

.

ئەمرۆ لە دونیادا نزیکەی سەد ملیون مین هەیە، کە بەشێکی زۆری لە خاکی کوردوستان دایە. زۆربەی وولآتانی دونیا ئیمزای پەیماننامەی قەدەغەکردنی مینی تاقەکەسیان کردوە، جگە لە وولآتە گەورەکانی دونیا؛ چین، هیند، روسیا، ئەمریکا و چەند وولآتێکی تر نەبێ، هەندێکیان بروایان وایە کە هێشتا لە رووی سەربازیەوە پێویستیان بەو چەکەیە، بۆ نموونە ئەمریکا یەکێکە لەو وولآتانەی کە داکۆکی لەم ئارگویمێنتە ئەکات. (ئەوەی شاتیانی باسە کە ئەمریکا وەک خەڵک دژ بە بوونی مینە، هەروەها ئەمریکا وەک دەوڵەت یەکێکە لەو وولآتانەی کە برێک زۆر لەیارمەتی پێشکەشی رێکخراوکانی دژ بە مین ئەکات. هەتا دەستهو دایەرەی کلینتۆن ئەوەندەی نەمابوو، بریاری قەدەغەکردنەکە ئیمزابکات. بەلام ئەو وولآتانی تر وەک هیند، ئارگویمێنتی ئەوەیە کە دەبێ پاکستان-یش لە هەمانکاتا بریارەکە ئیمزاکات. چین-یش بروای وایە هێشتا پێویستیان بەو چەکەیە بۆ کاری سەربازی و جەنگ. مین رۆژانە بە دەیان مرۆڤ دەکوژێ یان توشی ئیفلیجی ئەکات. کە لە چەند روویەکەوە زەرەو زیانێکی زۆر بە تەندروستی و ئابووری کۆمەڵگا ئەگەیەنێت.

ئەوەی وەهای لێکردم دەربارەی ئەم دیاریدەیە بیرکەمەوە، کۆرێک بوو لە لایەن کۆلیژەکەمانەوە (کۆلیژی حکومەت و کاروباری گشتی) سازکرا. کۆرکە یەکێک بوو لەو زنجیرە کۆرانەی کە دەربارەی جیهانگیری و کێشەکانی ئەکۆڵیەوە. بۆ ئەم کۆرەی کە دەربارەی مین بوو نوێنەرێکی کریستیان پاکس (ئاشتی مەسیحی) بانگهێشت کرابوو. کۆرەکە بە زۆری پێشاندانی سلاید بوو کە هەندێک لە سلایدەکان وێنەی کوردوستان بوون. (ئەوەی شایەنی سەرنج بوو بۆ هەموو ئەوانەی کە لەوێ بوون کە کوردوستان وولآتێکی شاخاوی و سەوزە. کە گەواهی ئەوەیە ئەم سەرزەمینەی ئێمە چەند نەناسراو نەبینراوە). پاش کۆرەکە نوێنەری رێکخراوەکەم بانگهێشت کرد بۆ بەرنامە رادوێیەکەم کە ناوی (ثنک تانک)ە. هەر ئەمەش وەهای لێکردم بیرلەوە بکەمەوە سالی داهاتوو بەشێکی زۆر لە چالاکیەکانی ریکخراوەکەمان لە زانکۆ (کۆمەڵەی میزۆپۆتامیا بۆ ناساندنی کەلتوری کوردی)، بۆ پشتگیری ئەم کێشەیە تەرخانکەم.